
خوێندنەوە




هاشم سەڕاج

# گەڕان بەدوای دوورگەی نەدۆزراوەدا

«گەڕان بەدوای دوورگەی نەدۆزراوەدا» نێونیشانی رۆمانێکی نووسەری پورتوگالی «خۆزی ساراماگۆ» یە، رۆمانەکە و نووسینێکی «عەباس پژمان» و دوو گفتوگۆ کە لەگەڵ ساراماگۆ ئەنجام دراون، لەلایەن «مەریوان هەڵبجەیی»یەوە لە زمانی فارسییەوە کراون بەکوردی و لە دووتوێی کتێبێکی قەشەنگدا بڵاو کراونەتەوە.


**رۆژێک هەمووومان دەکەوینە قووڵایی ئەستێرەیەکی ئاسمانی لە کاکێشاندا و لە پاش ئەوە هەموو شتێک کۆتایی دێت، بەڵام تا ئەو ساتە دەبێت ئاگامان لەوە بێت کە ئەمڕۆ لە جیهاندا لە هەر چوار چرکەیەکدا کەسێک لە برساندا دەمرێ»**

«ساراماگۆ»



عەباس پژمان لە نووسینەکەیدا بەنێوی «ساراماگۆ مامۆستای خوازەیە» هەوڵی داوە بەشێوەیەکی گشتی لە فۆرم و شێواز و ناوەڕۆکی ڕۆمانەکانی ساراماگۆ بدوێت و پێیوایە ساراماگۆ لە ڕێگەی بەکاربردنی فۆرمی جۆراوجۆر و تەکنیکی ریالیزمی جادوویی و سوودوەرگرتنی لە ئەفسانە و حیکایەتە مەزهەبییەکان و لابردنی ناوی کاراکتەرەکانی ناو ڕۆمانەکانی وەک تەکنیکی نووسین و بەکارهێنانی نازناو یاخۆ ناوونیشانێکی لە بری ناوەکان، جۆرێک لە قەزای خوازەیی بە ڕۆمانەکانییەوە دیارە، بۆیە دەڵێ «زۆربەی خوازەکانی ساراماگۆ چەند لایەنی مانایی لە ناو خۆیدا هەڵگرتووە، ساراماگۆ مامۆستای خوازەیە».


هەروەها عەباس پژمان پێیوایە زۆربەی ڕۆمانەکانی ساراماگۆ لە دژی بێنەزمی و گەندەڵی ژیان نووسراون و ناوونیشانی پیاوەکەی لە «چیرۆکی گەڕان بەدوای دوورگەی نەدۆزراوەدا» لە شیعرێکی «جاندان»ەوە وەرگرتووە، هاوکات عەباس پژمان بۆ زیاتر بەرجەستەکردنی بابەتی خراپە و بێنەزمی و بڵاوبوونەوەی گەندەڵی لە ژیاندا لە پێشەکی نووسینەکەیدا بڕگەیەکی لە کتێبی پیرۆز وەرگرتووە کە دەڵێت:




«خواوەند پێیوایە زەوی فاسد بووە و پڕ بووە لە ستەم، چونکە هەموو مرۆڤایەتی ڕێگەی خۆیان لەسەر زەوی فاسد کردبوو»

هەڵبەتە خۆزی ساراماگۆ وەرگری خەڵاتی« نۆبڵ»ە خاوەنی چەندین ڕۆمانە لە وانە «سەرزەمینی گوناه ١٩٤٧»... «بالتازار و بلیموندا ـ ١٩٨٢» ، «کوێری ـ ١٩٩٥» ،« هەموو ناوەکان ـ ١٩٩٧» ، «ئەشکەوت ـ ٢٠٠٠» پرۆسەی نووسین لە ڕۆمانی «گەڕان بەدوای دوورگەی نەدۆزراوەدا» لە ڕێگەی ڕەگەزی گێڕانەوەوە تێکەڵ بەبوارە جۆراوجۆرەکانی ژیان دەبێت ئینجا لە نێوان کەسایەتییە سەرەکییەکاندا واتە: «پیاوەکە و پاشا و کارەکەرەکە» دا جۆرێک لە دیالۆگ دەخوڵقێنێت و نیشانەگەلێکیش کە هەڵگری کۆمەڵێک دەلالەتە بۆ ڕاڤە و لێکدانەوەی خوێنەر جێدەهێڵێت، لێرە مەبەست لەو نیشانە دەستکردانەیە کە دانەر و داهێنەران لە بواری پرۆسەی نووسیندا دروستی دەکەن، کە فریدریک مێیی (١٧١٨ ـ ١٧٧٧) جۆرێک لە جیاکاری لە نێوان نیشانە سروشتیەکان و نیشانە دەستکردەکاندا دیاری دەکات بڕوانە کتێبی «الفهم والنص، بومدین بوزید، منشورات الاختلاف، چاپی یەکەم ٢٠٠٨» هەروەها مێیی مانەندی قدیس ئوگستین جیاوازی ناکا لە نێوان نیشانە و شمەک واتە شتگەل وەک نیشانە دبینێ، ئیتر لەم خوێندنەوەیەدا هەوڵ دەدەم چەند نیشانەیەکی زمانی لە پانتایی ئەم ڕۆمانە دیاری بکەم و لە مانا و دەلالەتەکانیان بدوێم.


چونکە بابەتی سەرەکی و راستەوخۆی کردەی گێرانەوە، لێدوانە لە چەمکی ستەم و خراپە و گەندەڵییەکانی دەسەلات. واتە کۆشکی پاشا دەرگاگەلێکی زۆری هەیە بەلام دەرگەیەکی تایبەت بۆ وەرگرتنی داواکارییەکان و دیارییەکان دەکرێتەوە، پاشا هەموو کاتی خۆی لە پەنای ئەم دەرگە تایبەتە دەباتە سەر ئەم دەرگەیەش تەنیا ئەو کاتانە دەکرێتەوە کە لە قوبە برۆنزییەکەی دەرگەکە دەدرێ و دەنگەکە ئازار بەهەستی بیستن دەگەیەنێت و هاوکات دەورودراوسێکانیش بێزار دەکات داواکاری هاوولاتیانیش لە رێگەی سکرتێرەیەک لە دوا یەکەکانەوە دەگات بەپاشا و بەهەمان شێوەش بۆ هاوولاتیان دەگەرێتەوە، ژنە خزمەتکارەکەش واتە کارەکەرەکە سەرپەرشتی داواکارییەکان دەکات بەلام پاشا بەردەوام سەرگەرمی وەرگرتنی دیارییەکانە و بەماوەیەکی زۆر درێژخایەن وەلامی داواکارییەکان دەداتەوە، هەندێ لەو داواکارانە داوای پلەوپایە دەکەن، بەلام کاراکتەری سەرەکی نۆڤلێتەکە ئەو پیاوەیە کە خۆی لە دەرگە تایبەتییەکەی کۆشکی پاشا و ژنە خزمەتکارەکە نزیک دەکاتەوە و داواکارییەکی تایبەتی هەیە داوا لە پاشا دەکات «کەشتی» یەکی بداتێ، «ژنە خزمەتکارەکە لە درزی دەرگەکەوە پرسی: چیت دەوێت؟ پیاوەکە بەپێچەوانەی خەڵکی ترەوە، داوای پلەو پایە و میدالْ و پارەی نەکرد، بەڵکو وتی: دەمەوێت لەگەڵ پاشا بدوێم».. بەلام پاشا لەبەر وەرگرتنی دیارییەکان بواری ئەوەی نییە لەگەڵ کەس بدوێت نە دیدەنی کەس بکات، بەلام پیاوەکە بەردەرگەکە جێناهێڵێت یا راستتر بۆ ماوەی سێ رۆژ لەبەر دەرگەکە رادەکشێت و دواتر دەتوانێت لەگەڵ پاشای




شار قسە بکات و داوای کەشتییەکی لێ بکات، دەرکەوتنی پاشا لەم دەرگەیەوە و دیارکەوتنی بۆ خەڵکی بە رووداوێکی سەیر و چاوەڕواننەکراو لە قەڵەم درا رووداوێک لە وەتەی تاج کرابووە سەری پاشا تا ئێستا رووی نەدابوو» لێرە دیالۆگێکی سەیر لەنێوان پاشا و پیاوەکە دروست دەبێت، چیت دەوێت؟ پێتوایە من بێ ئیشم؟ پیاوەکە وتی: کەشتییەکم بەرێ.. لێرە ئەو کورسییە حەسیرەی کە ژنە خزمەتکارەکە لە کاتی کاری بەرگدروویدا لەسەری دادەنیشت بە خێرایی بۆی دێنێتە پێش و پاشا لەسەر کورسییەکە دادەنیشێت، کورسی ژنە کارەکەرەکە وەک نیشانەیەک بە بەراورد لەگەڵ تەختی شاهانە هەڵگری مانا و دەلالەتێکی کاریگەرە، پاشا وەک حاڵەتێکی بێ فیزی و خاکەڕایی کورسی کارەکەرەکە بەکار ناهێنێت.

«چونکە کورسییەکە زۆر کورتتر بوو لە تەختی پاشایەتییەکەی» دواجار لە سەر کورسی ژنە


خزمەتکارەکە جێگەی خۆی خۆش کرد و ویستی بەتەوسەوە وەڵامی پرسیارەکانی پیاوەکە بداتەوە، بەڵام پیاوەکە بواری پێ نەدا بابەتی دوورگە نەدۆزراوەکە بەرەو بابەتێکی گاڵتەجاڕی ببات، یا بەشێوەیەکی تر بوێری پیاوەکە وای لە پاشا کرد لە سەر کورسی ئەو ژنە کارەکەرە دانیشێت کە وێڕای کاری خزمەتکارێتی کورسییەکەی بۆ بەرگدووری بەکاردەهێنا و جل و بەرگ و گۆرەوییەکانی خزمەتکارانی نێو کۆشکی پاشای پێ پینە دەکرد، لە روویەکی ترەوە کورسی کارەکەرەکە وێنەیەکی تری تەختی چەوساندنەوەیە، نیشانەیەکی تری دنیای نۆڤڵێتەکە، کە هەڵگری کۆمەڵێک دەلالەتی جیاوازە خودی کەشتییەکەیە، کاتێ پاشا دەگاتە ئەو قەناعەتە کەشتییەکی بەدیاری بداتێ تا بەدوای دوورگە نەدۆزراوەکەدا بگەڕێت، پاشا بەدەسخەتی خۆی نامەیەکی بۆ بەرپرسی بەندەر و کەشتیرانییەکە دەنووسێ تا کەشتییەکی باش و بێ عەیبی بۆ دیاری بکەن نە وەک لە دەریادا دووچاری مەرگەساتێک بێت، لێرە کەشتییەکەی «نوح» مان بیردەخاتەوە، کە سەرزەمینی خوا فاسید بووە و خراپە و گەندەڵی هەموو شوێنێکی گرتووەوەتەوە، بەڵام پیاوەکە وەک پەیامبەرێک هەڵسوکەوت ناکات و ئەو نیازەشی نییە کە سەد دەرسەد بڕیاری ئەوەی دابێت سەرجەم تاکەکانی کۆمەڵگە لەم رەوشی گەندەڵییە رزگار بکات، بەڵکو زیاتر وەک شەیدایەک یا چوون عاشقێک ئەو داواکارییە لە پاشا دەکات، چونکە ئاماژەیەکی نەگوتراو لە دوتوێی تێکستەکەدا بەنهێنی دەلالەتێکی شاراوە دەدرکێنێت کە داواکاری پیاوەکە پێوەندیی بە نیگەرانییەکی ئاڵۆز و سەفەرێکی ئەبەدییانەوە هەیە.




سەفەرێک یا سەرهەڵگرتێکی شێتانە تا دەگاتە دوورگەیەکی نەدۆزراوە و نەزانراو، لەوێ هەست بەئارامی و دڵنیاییەکی هەتاهەتایی بکات، بەڵام ئەم دوورگە نەدۆزراوەیە کەوتووەتە کوێ؟


دوورنییە ئەو دوورگەیەی پیاوەکە بەدوایدا وێڵە دوورگەیەکی خودی بێت و لە نێو دەڤەری وەهمە پرتەقاڵییەکانی ئەندێشە و بیرکردنەوە قووڵەکانیدا بوونی هەبێت، «کەشتی» یش وەک ئامراز و نێوەندیاری سەفەر و گەشت و گوزار و هاتوچۆ و ئاشنابوون بەجیهانی دژواری دەریا و کەشتیرانی و گەڕان بەدوای دوورگەیەکی نەدۆزراوەدا پانتاییەکی زۆری لە دنیای نۆڤڵێتەکە داگیرکردووە، پیاوەکە وەک دەریاوانێکی کۆن و پاڵەوانێکی پۆست مۆدێرنە، هەرگیز بیری لەوە نەکردووەتەوە ژنە خزمەتکارەکە لە وبارە نالەبارەی گەندەڵخانەیە دەرباز بکات

هەروەها هیچ ئاماژەیەک نییە کە ئەم پیاوە پێشتر ئەم ژنە خزمەتکارەی ناسیبێت و گرفتاری عیشقی بووبێت، پاشان ئەوەی زیاتر فشار دەخاتە سەر بڕیارەکەی پاشا و وای لێ دەکات داواکاری پیاوەکە قبوڵ بکات و کەشتییەکی بەدیاری بداتێ دەنگی جەماوەرە، واتە ئاپۆرەی بەر دەرگە تایبەتییەکەی کۆشکی پاشا کە بەهاوار و دەنگەدەنگی پاشا رازی دەکەن داوا کارییەکەی پیاوەکە جێبەجێ بکات، لە روویەکی دیکە پیاوەکە لە سەرەتاوە سەرنجی ژنە خزمەتکارەکەی بۆ لای خۆی راکێشاوە، یا ژنەکە حەز بەپێکەوە ژیانی پیاوەکە دەکات بێئەوەی ئەو ئاگای لێی بێت، «ژنە خزمەتکارەکە لەبەردەم دەرگەکەدا وەستابوو، بیرمەندانە سەیری ئەوی دەکرد»... «ژنە دەیزانی تا رادەیەکی باش ژیانی لەگەڵ کاروچاودێری و شۆردنی زەوی لەکۆشکەکاندا بردووەتە سەر و کاتی ئەوە هاتووە پیشەکەی بگۆڕێت» پیاوەکە هەمیشە لەگەڵ چرکەکانی خۆی و دۆزینەوەی دوورگە نەدۆزراوەکەدا دەژی و بیر لە دیاریکردنی کەشتییەک دەکاتەوە بەرگری با و بۆران و شەپۆلە بەهێزەکانی دەریا بگرێت، دواتر لە رێگەی رستەیەکەوە کە پیاوەکە دەریدەبڕێت بۆمان دەردەکەوێت کابرا دەریاوانێکی کۆن و مەلەوانێکی باشە، ئەو سەرەتا ژنە خزمەتکارەکەی بیرناکەوێتەوە و نازانێت ئەم ئافرەتە کێیە، «پیاوەکە پرسی: تۆ کێیت؟ منت بیر نایەتەوە؟ نەخێر، بیرم نایەت، من ژنە خزمەتکارەکەم، خزمەتکاری کوێ؟ کۆشکی پاشا، ئەو ژنەی کە دەرگەی داواکارییەکانی دەکردەوە؟» .. ژنە بڕیار دەدا لەگەڵ پیاوەکە بڕێت، .. «لە ئێستا بەدواوە من تەنیا کەشتی پاک دەکەمەوە، کەواتە دەتەوێت لەگەڵ مندا بێیت بۆ گەڕان





بەدوای دوورگەی نەدۆزراوەدا، بەڵام ئاگات لە مەلە دەریاییەکان بێت» شارەزایی پیاوەکە لە رەوش و سیفەتی مەلە دەریاییەکان تاقە ئاماژەیەکە کە دەسەلمێنێت کابرا دەریاوانێکی کۆن و مەلەوانێکی چاکە، ئەگینا لەسەرتاسەری تێکستەکە ئاماژەیەکی نییە لایەنی دەریاوانی و مەلەوانی کابراکە بدرکێنێت، هەروەها لە رێگەی هەڵدانی چەند رستەیەکی نیمچە فەلەسەفیشەوە وا نیشان دەدرێت کە پیاوەکە لە ئاستێکی بیرکردنەوە و لێکدانەوەیەکی باڵادایە بۆ نموونە کاتێ دەڵێت.. «بەڵام من دەمەوێت دوورگەی نەدۆزراوە پەیدا بکەم، دەمەوێت بزانم کاتێک کە دەچمە ئەو دوورگەیەوە چ کەسێکم، نازانیت ئەگەر لە ناو خۆتدا نەیەیتە دەرەوە هەرگیز ناتوانیت خۆت بدۆزیتەوە و بزانیت کێیت» پیاوەکە لە روانگەی ئەم رستە «سوکرات»ی یەوە، درێژە بەسەرچڵییەکانی دەدات و دەیەوێت بەدوای خودی خۆیدا بگەڕێت و

بە تەواوەتی خۆی و نهێنییەکانی بوون بناسێت، بەڵام هاوکات مرۆڤێکی سەرچڵ و نیگەران و خاوەن هەستێکی لە رادەبەدەری ئێستەتیکییە، سەرەڕای ئەوەیش بڕوایەکی تەواوی بە رێککەوت هەیە، ئەوە رێککەوتە ئەو ژنە خزمەتکارەی بۆ هێناوە، خەریکە لەگەڵ ژنە هەست بەخۆشی و ئاسوودەگی دەکات و چێژ لە جوانی روخساری وەردەگرێت، ژنە کارەکەرەکەیش لەلای خۆیەوە پیاوەکەی خۆش دەوێت، گەر وانەبووایە ئەی بۆ ژنە کۆشک و تەلاری پاشا جێدەهێڵێت و گەسکەکەشی لەگەڵ خۆی دەهێنا، ژنە بڕیاری دا لێرە بە دواوە کەشتییەکەی پیاوەکە پاک کاتەوە و لەگەڵیا رووەو دوورگە نەدۆزراوەکان بڕوات. «عەباس پژمان» لە پێشەکییەکەدا باشی بۆچووە کاتێ دەڵێت «هیچ شتێک لە بارەی عیشقەوە ناوترێت، بەڵام هەموو شتێک لە بارەی عیشقەوەیە»... ئیتر پیاوەکە بەهۆی عیشقی ژنە خزمەتکارەکەوە خۆی دەدۆزێتەوە، عیشقێک جۆرێک چێژی زەینی و دەروونی پێ دەبەخشێت، لەلایەکی دیکە





پرۆسەی نووسین وێڕای بەکاربردنی تەکنیکی گێڕانەوە و دیالۆگ و پراکتیزەکردنی جۆرێک لە کردەی ریالیزمی ئەفسووناوی چەندین دیمەنی سینەماییشی بەکارهێناوە بەتایبەتی وێنەی پەلامارەکانی مەلە دەریاییەکان «مەلە نەگبەت و داماوەکان تووڕە و بەجیکە جیکەوە بە دەنووکی کراوەوە هێریشیان بۆ برد، وەک بڵێیت دەیانووست خێرا قوتی بدەن... ژنە خزمەتکارەکە سەتڵەکەی لە سەر زەوی دانا، کلیلەکەی خستە درزی نێوان مەمکەکانی، شوێن پێی لەسەر پردەکە جێگیر کرد و لە کاتێکدا گسکەکەی وەک شمشێری سەردەمی کۆن بە دەوری خۆیدا دەسوڕاندەوە، توانی بڵاوە بکات بە پۆلە مەلە ئازاردەرەکان» مەلە دەریاییەکان و هێلانە چڕ بێچووە و بەتاڵەکانی نێو کەشتییەکە چەند نیشانەیەکن و لە فەزای دەقدا خولقێنراون و هەڵگری چەندین دەلالەتی جۆراوجۆرن، بەتایبەتی چرکەی هێرشی مەلەکان بۆ سەر ئافرەتە خزمەتکارەکە و یا هەڵدانی هێلانە بەتاڵەکان بۆ نێو دەریاوە لەلایەن ژنەکەوە. تێکست لە هەندێک رووەوە جۆرێک لە کەش و هەوای رۆمانی «رۆبنسون کرۆزۆ»ی «دانیل دیفو»ی گواستووەتەوە لەوانە سەرچڵی و گەشتی دەریایی و دوورکەوتنەوە لە ئاپۆرەی خەڵک و بێزاربوون لە دەسەڵاتی ستەمکارانە و گەندەڵی، دیاریکردنی جۆرە شێوازێکی جیاواز بۆ ژیان، وێڕای خەون و چرکە ورێناوییەکانی رۆبنسون کرۆزۆ و هەڵدانی چنگە جۆکان رووەو بەرزایی بەردەڵانەکە و دواتر دیمەنی رووانی گوڵە جۆکان، پاشان لە خەوەکەی پیاوەکەدا وەک دارستانێکی خەیاڵی بەدی دەکرێت، یا

کەشتییەک دەرختگەلێکی تێدا رووەوە، کە لە رێگەی بەکارهێنانی تەکنیکی ریالیزمی ئەفسووناوییەوە بەرهەم هێنراوە، لەلایەکی ترەوە وەک کاراکتەرێکی پۆست مۆدێرنە کەسایەتییەکی نیگەرانە و بە دوای چرکە دڵنیاییەکاندا دەگەڕێت، بە تایبەتی ئەوکاتەی لە بەندەرەکەدا هەوڵ دەدات چەند کەسێکی مەلەوان و شارەزای دنیای دەریا و دەریاوانی رازی بکات بۆ گەشتە دەریاییەکە و گەڕان بەدوای دوورگەی نەدۆزراوەدا، بەڵام کەسیان ئامادەنین بەشداری گەشتەکە بکەن و خۆشی و ئارامی خانەوادەییان لە دەست بدەن، هاوکات بەشداری نەکردنی خەڵکەکە کار لە گەشتەکەی ئەو ناکا، چونکە رووەو دوورگەیەکی نادیار سەرهەڵدەگرێت و دۆستایەتی ژنەکەش بۆ ئەو بەسە و لە ناخەوەش دەزانێت هەمیشە رەنگی دەریا رەشە، یا کە شەو دادێ هەموو مانگاکان رەش دەچنەوە، بەشێوەیەکی تر ئەگەر رۆحی «رۆبنسۆن کرۆزۆ» لە بازنەیەکی شینی گومانکارانەی ئاینیدا دەخولایەوە ئەوا گیانی پیاوەکە هەمیشە هەڵگری نیگەرانییەکی شاراوەی ئەنتۆلۆژییە،... «لەبارەی دوورگەی نەدۆزراوەوە هیچت نەگوت؟ چۆن دەتوانم لە بارەی دوورگەکەوە قسەیان بۆ بکەم کە خۆم هیچی لە بارەوە نازانم؟ تۆ دڵنیایت لە بوونی ئەو دوورگەیە؟ هەر بەو رادەیە کە دڵنیام و دەزانم رەنگی دەریا رەشە، هەر ئێستا کە لێرەوە سەیر دەکەم، دەریا بەو ئاوە سەوزە تۆخ و مەیلەو رەش و ئاسمانی و سوورەوەبوو بەهیچ شێوەیەک رەش نییە، ئەمە تەنیا هەڵەیەکی هەستە، هەندێک جار وا دێتە بەرچاو کە دوورگەکان بەسەر ئاودا دەڕۆن، بەڵام راستییەکەی وانییە» هاوکات خۆڵقاندنی دوورگە وەک نیشانەیەکی زمانی کە هەڵگری دەلالەتگەلێکی جۆراوجۆرە دەکرێ یەکێ لەو دەلالەتە خۆی لە دۆزینەوەی ئافرەتە کارەکەرەکەدا چڕبکاتەوە، چونکە پیاوە خەریکە هێدی هێدی تێکەڵ بە وڕێنەکانی رۆبنسۆن کرۆزۆ دەبێت و دەیەوێت دوورگەیەک بدۆزێتەوە بەوپەڕی ئازادی و ئارامی و دڵنیاییەوە تێیدا ژیان بگوزەرێنێت، ژیانێکی لێوانلێو لە ئاسوودەگی و دوور لە خراپە و گەندەڵکاری، «من پێموایە بۆ ئەوەی بەتەواوی دوورگەیەک ببینی دەبێت لێی جیاببیتەوە، ئێمە ناتوانین خۆمان ببینین مەگەر لە کۆتوبەندی خۆمان رەهابین». هاوکات پیاوەکە خاوەندی هەستێکی ئێستەتیکییە و لە رێگەی زەین و تێرامان و قووڵبوونەوەی خودییەوە چێژ لە پرشنگەکانی جوانی وەردەگرێت، «رووناکی مانگەشەو راستەوخۆ دەیدا لە روخساری ژنەکە، پیاوەکە بیری کردەوە، چەندە جوانە، بە راستی جوانە» چونکە عیشق وەک



نان و شەراب تێکەڵ بەگیانیان بوو، بەتایبەتی ئەو دەمەی پیاوەکە گەڕایەوە و یەک نان و هەندێ پەنیری بزن و تۆزێ زەیتوون و بتڵێک شەرابی کڕیبوو، ژنە خزمەتکارەکە پاکەتی خواردنەکەی کردەوە، لە ڕێگەی ئەو ژەمە خواردنەوە ئاوێتەی روحی یەکدی بوون، بەڵام ئەو دەمەی پیاوەکە لە نێو کەشتییەکەدا خەو دەیباتەوە، ژنە حزمەتکارەکە لە تەکیا خەوتووە، نەک خەوتنی ئاسایی بەڵکو وەک روح و جەستە تێک ئاڵاون، کەچی خەونی پیاوەکە، هەمان خەونی «نوح»ە، کە «عەباس پژمان»یش لە پێشەکییەکەدا ئاماژەی بۆ دەکا، بەڵام تێکستی لەم چەند لاپەڕەیەدا کردەی تەکنیکی ریالیزمی ئەفسووناوی بەرپا دەکا و کەشتییەکە مانەندی کەشتییەکەی نوح پڕیەتی لە مرۆڤ و ئاژەڵ و باڵندە و تۆو و شەتڵی رووەکی جۆراوجۆر هەڵبەتە ئەمە خەوی پیاوەکەیە کاتێک لە نێو کەشتییە وەستاوەکەدا لە خەوێکی شیرین و قووڵدایە، «لە کاتێکدا دەستی لە ملی ژنە خزمەتکارەکەدا بوو، هەروەها دەستی ژنەکەش لە ملی ئەودابوو بە ئاگا هاتەوە، جەستەیان و جێگەی نووستنەکەیان لکابوو بەیەکەوە».. لە کۆتاییدا دەتوانم بڵێم رۆمانی «گەڕان بە دوای دوورگەی نەدۆزراوەدا»ی خۆزێ ساراماگۆ ئەگەرچی لە رووکەشدا مامەڵەی لەگەڵ کۆمەڵێک بابەتی کۆمەڵایەتی کردووە، بەڵام لە بنیاتی قووڵدا هەڵگری هێماگەلێکی جۆراوجۆرە و دەکرێ چەندین خوێندنەوەی جیاوازی بۆ ئەنجام بدرێت. چونکە چەندین نیشانە و هێما هەن کە هەمیشە پێویستیان بە راڤە و لێکدانەوە هەیە بەتایبەتی ئەو هێماگەلانەی لە پانتایی خەوی پیاوەکەوە هەڵدەڕژێن، هەروەها ئەو پێوەندییە ئەڤینی و تەمومژاوییەی نێوان پیاوەکە و ژنە خزمەتکارەکە...




سەرچاوە:
ناوی کتێب: گەڕان بە دوای دوورگەی نەدۆزراوەدا
بابەت: رۆمان
نووسینی: خۆزێ ساراماگۆ
وەرگێڕانی: مەریوان هەڵبجەیی
لەبڵاوکراوەکانی پاشکۆی رەخنەی چاودێر
چاپخانە: دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی ٢٠٠٨

٢٠٠٩/٦/٥